کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
22:42 5-5-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## شانزە ساڵ لەمەوبەر شەهید (شێرکۆ عەزیز میرزا) بڕیاری شەهیدبوونی دا... ئامادەکردنی ... ڕزگار ساڵح

ڕەنگە هیچ تابلۆیەک نەتوانێت دیمەنی چاو بڕکێی پێشمەرگە لەگەڵ مەرگ دا بەرجەستە بکات، ئاخر ئەمە هێندە ئاسان نیە، چۆن دەکرێت من دەست بە قەدی ژیانەوە بگرم و گەلەکەشم لەناو زوڵم و چەوسانەوەدا شەلاڵ و نوقمی خوێن بکرێت من کە ژیانی منداڵێتی خۆم بە کامی ئارەزوەکانم نەدیبێت، چۆن ڕێگا دەدەم بە دوژمن نەوەکانی داهاتووی گەلەکەم لە خەونەکانی بێبەش بکات، منی پێشمەرگەی تەمەن لاوی گۆش کراو بە بیری ئازادیخواز بڕیارم دا، یان دەبێت تەوژمی پەلاماری بەعسیەکان بهێنمە سەر چۆک یان لاشەی خەڵتانی خوێنم بخەمەوە باوەشی هەردوو دایکە پڕ بەسۆزەکەم، دایکە خێرلەخۆنەدیوەکەم و دایکە مەزنەکەم کوردستان.



کاتێک سوپای جینۆساید دەیویست سەرلەنوێ خاکەکەم بەسوتماک بکاتەوەو ترس و تۆقاندن بخاتە جێگەی گیانی بەرخۆدان، لەو ساتە هەستیارەی کۆچی خەڵک بووە تاکە شێوازی قبووڵ نەکردنی ژیانی ژێردەستی، ئالەو دەمەدا من بومە درێژەپێدەری ڕێبازی کوڕانی دوای حەفتاو پێنج کە شکستیان بە شکست دا و لەدۆند و چیاکانی کوردستانەوە پەیامی هەستانەوەو درێژە دانی شۆڕشیان ڕاگەیاند. ئەو ڕۆژانە شەستەی باران تێکەڵ بووبوو لەگەڵ گرمەی تۆپ و خرمەژنی گولە، تەنانەت خواو سروشتیش تۆزقاڵێکش بەزەیان بە ئاپۆڕای ڕەوی خەڵکدا نەدەهاتەوە شادی بووبوو بە شین و سێبەری مەرگ وەک پەڵە هەورێکی چڵکن ئاسمانی وولاتی داگیر کردبوو، دەبێ چیبکەین؟ گەر بڕەڤین واتە دەمرین گەر بجەنگین واتە دەژین دەبا بژین تا بجەنگین گەر مردیشین ئەوا دەبینە ئەڵقەیەکی نوێ لەخەباتی پڕسەروەری یەکێتی و لە گەڵ شەهیدانی پێشوو لە ئاسمانی نەمریدا شان بەشانیان هەڵ دەپەڕین.

شەهید شێرکۆ عەزیز میرزا لە ساڵی 1970 لەگەڕەکی سەرشەقام لە سلێمانی لەدایک بووە، زۆرینەی ئەندامانی بنەماڵەکەیان ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لەداهێنان و تازەگەری لەبواری ئەدەبی و ڕۆشنبیریەوە، هەروەها ماڵی ئەمان ناوەندێکی گرنگ بووە لە تەشەنەکردنی هزرو بیری شۆڕشگێڕانە، هەموو ئەم فاکتەرانەو پاشانیش لەدایک بوونی کۆمەڵەو یەکێتی جێ پەنجەی کاریگاریان هەبووە لە گەشەکردنی گیانی شۆڕشگێڕانە لە کەسایەتی شەهیدا، بوونی بە پێشمەرگە تاکە ئاواتی بووە، هەر بۆیە لەگەڵ چەخماخەی ڕاپەڕین بوێرانە بۆتە یەکەم دەستەی هەڵمەت بەر بۆ سەر مۆڵگاو دەزگا سەرکووتکەرەکانی بەعس و سەرکەوتوانە پلانەکانی ڕاپەڕینی ئەنجام داوە. کە کۆڕەوی خەڵک دەستی پێ کرد شەهید شێرکۆو دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکان لە (چەناخچیان) شێرانە بەرپەرچی هێرشی سوپا بەزیوەکەی بەعسیان دایەوەو ئامرلیواکەیان بە دەست گرت، دوای ئەوەی دەزگاکانی ڕژێم گەڕانەوە تاوانبار (ئەحمەد دوری) ئامۆزای عیزەت دوریان کردە مدیری ئەمنی سلێمانی و لەکۆڕێکدا لەگەڵ هەندێ فەرمانگاکان لەقینی شۆڤینستانەیەوە وتبووی (ئاستەمە جارێکی تر خەڵکی سلێمانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پێشمەرگە و شۆڕش بە دیدەیان ببینەوە)، ئەم ووتانە قینی شۆڕشگێڕانەی شەهیدیان زێدەتر کردوو بڕیاری دا ئەم پلانەش وەک ئەوانی دی پووچەڵ بکاتەوە و ڕۆژی 5-5-1991 ی کردە دۆزەخ بۆ بەعسیەکان و ژمارەیەک بەعسی بە جەهەنەم شاد کرد و دوا کاریشی لە شەقامی سجن ئەحمەد دوری و حیمایەکانی گولە باران کرد، مەخابن لەکاتی کشانەوەیدا لەلایەن سایەقی دوریەوە ئەپێکرێت و شەهید دەبێت. بەڵێ شەهید شێرکۆ بڕیارەکەی خۆی هێنایەدی و بۆ هەتاهەتایی دەست لەملانی هەردوو دایکە میهرەبانەکەی بوو، سەربەرزی و نەمری بۆ گشت شەهیدانی کوردستان، ئەو ڕۆڵە خۆنەویستانەی ئەم ئازادیەیان بۆ نەتەوەی کورد بەدەست هێنا.
ئاسۆ عەزیز میرزا]

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.